فەلسەفەی سروشت لەلای ئەفلاتوون و ئەرستۆ

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١- فەلسەفە وەک نەزم و سیستەمێکی ڕێکوپێک لەسەر دەستی ئەفلاتوون (٤٢٨-٣٤٧پ.ز) خەت و خاڵی داوە. هەر خۆی لە مێژووی فەلسەفەدا داهێنەری ئاراستەی ئایدیالیزمە. دەستی نەمان لە بەرهەمەکانی دوور بووە و بڵاوکراونەتەوە و هەموویان بە تێکڕایی ئەو تابلۆ ڕەنگینەیان ڕەنگ ڕشتووە کە بە فەلسەفەی جیهاندیدی ئەفلاتوون ناودەبرێ، کتێبی دەوڵەت (کە لە هەندێ سەرچاوەدا بە هەڵە ناوی کۆماری لێ نراوە) شاکارێکە لە شارە هەمیشە زیندووەکانی دنیا، خۆی لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

- لە بەشی یەکەمی ئەو شاکارەدا قسە لە بنیادنان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نموونەیی دەکات کە دەبێ سەرۆکەکەی فەیلەسووف بێت.
- لە بەشی دووەمدا هەوڵی داوە بە شێوازی جیاواز پێناسەی چەمکی فەیلەسووف بکات.
- بەشی سێیەمی بۆ تاووتوکردنی دەستوورە جیاکانی سەردەمی خۆی و لایەنی باشی و نالەباریان، دانراوە.

پرسیاری سەرەکی لەو دیالۆگەدا دەربارەی داد و دادپەروەرییە، ئیتر مەبەست مرۆڤی تاک بێ ئەو خەسڵەتەی هەبێ، یان دەوڵەتی داد بێ.

ئەفلاتوون لە جیهاندیدەکەیدا ئاراستەی دوو ڕەنگی سەرنجڕادەکێشی، جیاکردنەوە و جیاوازی نێوان هەڵکەوتی ڕاستەقینە و دیاردە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ.

بۆ یەکەم جار لە فەلسەفەدا شێوازی دیالۆگی پەیڕەو کردووە، ئەو شێوازە بریتییە لە وتووێژ لەنێوان چەند کەسێکدا کە نالەبار - لەبار قسە لە بابەتێک دەکەن، هەوڵی گەیشتنە ئەنجامێک دەدەن.

٢- فەلسەفەی سروشتی ئەفلاتوون لە چوارچێوەی



ئەفلاتوون

کۆسمۆلۆجیدا بەرجەستە بووە، بۆ ئەو مەبەستە دیالۆگی (تیمائوس)ی نووسیوە، تیمائۆس خۆی شاگرد و لایەنگری ڕێبازی پیتاگۆراسە، ئەو بژاردەیە ڕۆڵی بیرکاری (ماتماتیک) لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا دووپات دەکاتەوە.

لە دیالۆگی (تیمائۆس)دا ئەفلاتوون باسی پەیدابوونی جیهان و بوون و مرۆڤ دەکات و بۆ ئەو مەبەستە چەند گریمانەیەکی تاووتو کردووە:

– ئەوی (بوون، بوونەوەرە) نە پەیدا دەبێ و نە لەناو دەچێ! بەڵکو هەمیشە جێگرە و هەرگیز نەگۆڕە.

– ئەوی گۆڕاوە هیچ کاتێک نابێ بە بوونەوەر.

– ئەوی پەیدا دەبێ، دەبێ بە ناچاری لە هۆکارێکەوە پەیدا بووبێ(١)

– ئەوی (ناگۆڕێ) بابەتی پەی پێ بردنی فام (تێگەیشتن) و ژیرە، بەڵام (گۆڕاو) کەرەستەی بۆچوونە.

لە سەرەتاوە تیمائۆس دەست بە گێڕانەوەی چۆنێتی پەیدابوونی گەردوون و بوون بەگشتی دەکات و دەڵێ:

جیهانی هەستەکان ناکرێ نەمر (هەتا هەتایی بێ)، بۆیە دەبێ لەلایەن هێزێکەوە دروست کرابێت، لەبەر ئەوەی دروستکار (ئەفلاتوون بە –Urheber– Demi-urgos) ناوی دەبات– وشەکە پتر بەلای وەستاو سنعاتکاردا دەچێ) خۆی ئەوپەڕی چاکە و چاکەکارییە، جیهانی بەپێی نموونەی بەرزی نەمریی دروست کردووە.

جیهان یەک یەکەیە، چونکە وەستاکەی یەکە، بەڵام هەموو جۆرە زیندەوەرەکانی لە جۆری خۆی تێدایە، خۆی سنوور و ڕادەدارە و لە دەرەوەیدا هیچ شتێک بوونی نییە تا بکرێ کاری تێ بکات، دروستکردنەکەی بۆ مەبەستی تایبەتی بووە. ڕوخسار و فۆرمی جیهان بازنەییە، چونکە بازنە تەواوترین فۆرمە. بەو پێیە بزووتنەوەکەشی بازنەییە، لەبەر ئەوەی لە دەرەوەیدا هیچ شتێک کاری لێ ناکات، نەساغ و نەخۆش نابێ و بەسالدا ناچێ و پەککەوتە نابێ و دووچاری نسکۆ و تێکشکان نابێ(٢).

لە (تیمائۆس)دا دروستکاری جیهان، داهێنەر (خالق) نییە، بەڵکو ڕێکخەر و ئەندازیارە. کەرەستە هەبووە جیهانی لێ پەیدا ببێ، بەڵام ئەو کەرەستەیە سروشت و ڕوخساری دیار و دەستنیشان کراوی نەبووە، بەڵکو لە دەستپێکدا Chaos ئاژاوە و تێکەڵوپێکەڵی و بێ سەروبەرەیی و کەرەستەی بێ نەزمی هەبووە، دیمیۆرگۆس جیهانی ڕێک خستووە و نەزم و سیستمی پێ بەخشیوە، ئەو ئەندازیارە خۆی جوانە، بۆیە جیهانیش تابلۆیەکی جوانی ڕەنگین و سەرنجڕاکێشە، ڕاستە جیهان بەگشتی، بوون، بوونەوەران لە چوار ڕەگەزەکە کەوتوونەتەوە(٣):

خاک، ئاو، هەوا، ئاگر، بەڵام لە سەرەتای دەستپێکدا ئەو چوار ڕەگەزە پێویستیان بە ڕێکخستن هەبووە و ئەمەش کراوە، ئیتر ڕێژەی هەر ڕەگەزێک لەمانە لە چاو ئەوی دیکەدا جیاوازە، چونکە سروشتی شتەکانیش جیاوازن، ئەگەر ئەو بۆچوونەی ئەفلاتوون لە (تیمائۆس)دا بەلای ئەفسانەدا تەکان بدات، ئەو قسەیە بەوە کاڵ دەبێتەوە کە داهێنەرەکەی ویستوویەتی لە چوارچێوەی تیوری ئایدیا (فۆرم) نەچێتە دەرەوەو گریمانە کۆسمۆلۆجییەکەشی لەگەڵیدا بێتەوە.

لەو جیهاندیدە ئایدیالیستییەدا ئاراستەی دوو ڕەنگی هەموو شتێک دەگرێتەوە، لە بچووکترین بوونەوەرەوە تا گەردوون. گەردوون خۆی جیهانی گەورەیە لە بەرانبەریدا مرۆڤ هەیە کە جیهانی بچکۆلەیە، مرۆڤیش لە دوو ڕەگەزی جیاواز پێکهاتووە، هەر ڕەگەزە سەر بە جیهانێکە: لەش و گیان، زەوی ناوەندی گەردوونە بە شێوازی بازنەیی پێکهاتە و بەشەکانی دەجووڵێنەوە و ئەستێرەکان بە دەوروپشتیدا دەسووڕێنەوە.

– دوور نییە لێرەدا مرۆڤ ڕووبەڕووی ڕەخنەیەک

بێتەوە دەربارەی ئەوەی دەکرێ، ئەو بۆچوونەی ئەفلاتوون کە بە ئاشکرا دەوڵەتی ئایدیالیستی نموونەیی بە ڕێکخستنی جیهانەوە بەستووەتەوە و قسەکانی لە ئەفسانە دەچن، چونکە باسی یەکڕەنگی و نەزم و جوانی گەردوون دەکات، بخرێتە نێو خانەی فەلسەفەی سروشتی- زانستی لە کاتێکدا زانست بابەتی تایبەتی دیاردە دیار و سنووردارە هەستەکییەکان دەکات بە کەرەستەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە؟!

ئەگەر مرۆڤ لە ناوەرۆکی تیمائۆس ورد ببێتەوە و لەگەڵ دیالۆگەکانی دیکەدا لە چوارچێوەی گشتی جیهاندیدی ئەو فەیلەسووفە ئایدیالیستییەدا هەڵبسەنگێنێ و ڕەوشی ئەوسای کولتووری و ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەبەرچاو بگرێ، دەتوانێ جۆرە پێشکەوتنێک لەسەر ڕێگای تەکاندان بەرەو زانست هەست پێ بکات:

ڕاستە ئەفلاتوون فەیلەسووفێکی میتافیزیکی- ئایدیالیستی بووە، بەڵام لەنێو فەلسەفەکەیدا چەند ئاراستە و ئاماژەیەک بەدی دەکرێن کە بۆنوبەرامی جۆرە زانستێکیان لێ دێ: لەوێدا قسە لە سروشت و چییەتی و گەوهەری زانستی سروشت (فیزیک) کراوە، بوون و نابوون و بزووتنەوە و گۆڕان و هۆکاری ئامانجەکی و نموونەی بەرز، دەروونی مرۆڤ، پەیدابوونی گەردوون، جیهان کراون بە کەرەستەی تاووتوکردن.

ئەرستۆ (٣٨٤ - ٣٢٢ پ. ز)

١- ئەگەرچی ئەرستۆ بەلای کەمەوە بیست ساڵ لە ئەکادیمیای (ئەفلاتوون)دا شاگرد بووە و خۆی بە قوتابی ئەفلاتوون داناوە، بەڵام ئەو دوو فەیلەسووفە لە ژیان و کردار و بیروبۆچوون و فەلسەفە و جیهاندیدیاندا ئەرز و ئاسمان لە یەکتری جیاوازن، لە کاتێکدا دامەزرێنەری ئەکادیمیا شەیدای نموونەی بەرزی نەمر و تا هەتایی و میتافیزیک و پەروەردە و سیاسەت بووە، ئەرستۆ فەیلەسووفی لۆجیک و زانستە! بۆیە دەکرێ بگوترێ ئەو دوو فەیلەسووفە نموونەی دوو جۆری بیرکردنەوەی ئەوپەڕی جیاوازی تا ڕادەی ناکۆکن!. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاست گوتراوە کە هەرچی بیرمەند و هونەرمەند و نووسەری جیهان هەیە، یان سەر بە ئەفلاتوونن، یان بە ئاراستەی ئەرستۆدا هەنگاو هەڵدەگرن، بۆ نموونە حامیدی غەزالی بەوە ناسراوە هێرشی بردووەتە سەر فەلسەفە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەرستۆی لە ڕۆژهەڵات دەرکردو پلەوپایەی ئەفلاتوونی جێگیر کردووە. ئیبن عەرەبی ناهەقی نەبووە کە گوتوویەتی:

«دخل الغزالي في بطون الفلاسفة ولم يخرج منها!».

پرۆفیسۆر جۆرج سارتون لەو باوەڕەدا بووە کە «مێژووی زانستی نوێ (مۆدێرن) بەو شۆڕشە دەستی پێ کردووە کە لە دژی ئەرستۆ کراوە(٤)». تا چەند ئەم بڕیارە لە جێگای خۆیدایە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە وا پێوست دەکات لە سەرەتاوە سەرنجێک لە فەلسەفەی سروشتی (فیزیک)ی ئەرستۆ بدەین، ئینجا بزانین ئەو گۆڕانانە چی بوون کە دواتر بەسەریدا هێنراون و شۆڕش لە کام لایەن و ئاراستەی کراوە؟

بە پێچەوانەی فەیلەسووفەکانی پێش خۆی مامۆستای یەکەم دەربارەی فەلسەفەی سروشت و بابەتەکانی تر بەرهەمی سەربەخۆی نووسیوە و دەستی فەوتان تاڕادەیەک لێیان بە دوور بووە و ماونەتەوە.

- فەلسەفەی سروشتی ئەرستۆ لە سێ شاکاردا بەرجەستە بوون:

یەک: سروشت (فیزیک).

دوو: پەیدابوون و لە ناوچوون (ئەو شاکارە لە سەردەمی بەنو عەباسدا بە -کەون و فەساد - کراوە بە عەرەبی).

سێ: ئاسمان وشەی (فیزیکی) یۆنانی کە بەرانبەر بە وشەی ناتوری (سروشت)ی لاتینی بەکارهاتووە، ئاماژەیە بە هەموو دیاردە ئۆرگانی و نا ئۆرگانییەکان کە بەبێ دەست تێوەردانی مرۆڤ بوونیان هەیە و پەرە دەستێنن، جیهانی دەوروبەری مرۆڤە کە لەلایەن مرۆڤەوە دانەهێنراوە، ئەو بوونە ڕاستەقینەی سروشت بەوە پاساو دەدرێتەوە کە لە کات و جێگای تایبەتیدا بوونی هەیە، تا چەند ئەو پێناسەیە لەگەڵ بۆچوونی ئەرستۆدا دێتەوە کە بە لایەوە (سروشت) بریتییە لە گەردوونی لە ئارادا بووی ژێر فەلەکی مانگ، (سروشتی)ش ئەوەیە بتوانێ، بە ئامانجی تایبەتی خۆی بگات و بیپێکی، ئەو ئەمانجە لەوەدا بەرجەستە دەبێ، وێنە لە کۆنترۆڵکردنی هەیولادا سەربکەوێ!

٢- ئەگەر مرۆڤ بۆی بلوێ سەرنجی تێکڕای بەرهەمەکانی ئەرستۆ بەگشتی و هەر سێ بەرهەمی

ئەرستۆ

(فـیـزیک) و (پەیدابوون و لەناوچوون) و (ئاسـمـان) بدات، بۆی دەردەکـەوێ کـە ئەرسـتـۆ فـراوانتـرین جیهاندیدی دەربارەی فەلسەفەی سروشت ئینسکلۆپیدی ئاسا ڕەنگ ڕشـتـووە کە ناوەڕۆک و ڕوخسـارەکـەی بە تانوپۆیەوە بەگـشـتی لەو بابەتانە پێکهـاتووە کـە هەر بابەتە بە چەمکی دیاریکراو کە لۆجیک دەهێنێتەوە یاد، دیار و دەستنیشان کراوە:

- بزووتنەوە و جۆرەکانی.
- کات و جێگا، سەرەتا و کۆتایی
- جۆرەکانی هۆکار.
- هەیولا و فۆرم (وێنە). (ماددە و ڕوخسار).
- هێزەکی و کردەکی.
- کۆنی جیهان (سەرەتا و کۆتایی نییە).
- بزوێنەری یەکەم (ئەو بزوێنەرەی خۆی نابزوێتەوە).
- گۆڕان، پەیدابوون، لەناوچوون.
- بنەمـای ئامـانجـەکی و مـیـکانیـزمی Mech-anismus.

بەلای مامۆستای یەکەمەوە، وردبوونەوە لە سروشت، ئەوە ساغ دەکـاتەوە کـە هەرچی هەیە و نییـە ئامـانجی تایبـەتی خـۆی هەیە، تەنانەت ئەو ئامـانجـە هۆکـاری پەیدابوونیـەتی و هەمـوو شـتـێک هەر بە پێی ئامـانجی دیاریکراو ڕێکخـراوە، خـۆ ئەگـەر شـتـێک ڕووبدات، بقەومێ، پەیدا ببێ بەهیچ جۆرێک ئەمە ڕێکەوت نییە، بەڵکو ئامانجی تایبەتی لە پشتەوە هەیە، ئەو ئاراستەیە لەفەلسەفەدا بە تیلیۆلۆجی (Teleologie) ناودەبرێ.

٣- سـروشت کـۆ و سـەرجەم و تێکڕای ئەو شـمـەکـە ماددەییانەیە کە پابەندی بزووتنەوەن، بزووتنەوەش پشک و جۆرە جیـاکـانی گـۆڕان دەگـرێتـە خـۆی، کـەوابوو دەبێ سروشت گـۆڕانی بەسـەردا بێت، بەڵام گـەردوون خـۆی لە دوو بەش پێکهاتووە:

- جیـهـانی سـەروو فەلەکی، مـانـگ. ئەو جیـهـانە لە هەموو جۆرە گۆڕانێک بەدەرە.
- جیهانی ژێر فەلەکی مانگ، ئەمە جیهانی مرۆڤ و زیندەوەرە. لە چوار ڕەگـەزەکـە پێکهـاتووە (خـاک، ئاو، هەوا، ئاگر(٥). ئەو جیهانەی دووەم مەڵبەندی گۆڕانە! بەڵام گۆڕان چییە و ئەرستۆ چۆن پێناسەی کردووە؟

بەلای ئەرسـتـۆوە کـاتێک دەکـرێ گـۆڕان پێناسـەیەکی ڕێکوپێک بکرێت، ئەگـەر لەگـەڵ چەمکێکی دیکەدا بخرێنە نێو دوو تای یەک تەرازوو و بەراورد بکرێن:

چەمکی بزووتنەوە، بـزووتـنەوە لەلای خـــۆیەوە لە چەمکی کـات جـیـا نـاکـرێتـەوە، چونکە بزووتنەوە چەند پێناسـەیەک دەکـرێ، لە سـەرەتادا خـۆی بریتـیـیـە لە بەدیهـێنانی بوونێک کـە پێـشـتـر هێـزەکی بووە و بووە بەکـردەکی، کـەوابوو هاوکـێـشـەکـە لە چەند چەمک و لایەنێک پێکهـاتووە، ئەگـەرچی هەریەکـەیان پێ لەسـەر سەربەخۆیی دابگرن، ناکرێ و ناشێ دەستبەرداری ئەوی تر ببێ، چونکە تەواوکاری یەکترین: بزووتنەوە، گۆڕان، کـــات، جـــێـگـا، پەیدابوون و لەناوچوون. وەڵامی ئەو پرســـیـــارە: دەربارەی ئەو چەمکانە چین و چ ڕۆڵـێـک دەگێڕن، لە شاکاری میتافیزیک و فیزیک و پەیدابوون و لەناوچوون، دراوەتەوە.

بزووتنەوە بە واتا گـــشـــتـــیـــیـــەکـــەی پەیدابوون و لەناوچوونە، بە واتا تایبـەتـیـیـەکـەی گـوێزرانەوەیە لە ڕەوشێکەوە بۆ ڕەوشێکی تر(٦) کە لە عەرەبیدا وشەی (تحول) بەکـارهێنراوە، کـەوابوو ئەو گـوێزرانـەوە و گۆڕانە چەند جۆرێکی هەیە:

گۆڕان لە چۆنێـتـیـدا، گۆڕان لە چەندێتی و جێ گۆڕکی (لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر).

یەکـەمـیـان بابەتەکـە ڕەوشی یەکـەم لە دەست دەدات و ڕەوشـێـکی دیکە دێتـە ئاراوە! ئایا ئەو گـۆڕانە تا چەند

پێـوەندی بە هیـولا و فـۆرمـەوە هەیە، ئەگـەر لە گـۆڕاندا هەیولا (کـەرەسـتەکە) وێنە کـۆنەکـەی لەدەست بدات و وێنەیەکی دیکەی پێ ببڕێ. بۆ نموونە پارچەیەک مەرِ مەرِ ببێ بە پەیکەر، وێنەی پەیکەری وەرگرتووە.

دووەمـیـان گـەشـەکـردن و پەرەسـەندن و کـەمـکردنە کە ئەرستۆ بە پتر بوون و کورت هێنـان (کەمبوونەوە) ناوی بردووە.

سـێیـەمـیـان مـەرجی بەدی هاتنی هەردووک جۆرەکـەی دیکەیە، چونکە بوونی بزوێنەر و جـووڵاوە پێـشـەکی دەکات بە مـەرجی پێویست. جگە لەوە گـۆڕان خۆی سێ ڕەهەند پێویست دەکات:

– ئەو کەرەستەیەی گۆڕانەکەی تێدا ڕوودەدات.

– ئەو کەرەستەیە خۆی دەبێ دیار و دەستنیشـانکراو نەبێ، تەنیا کەرەستەی خاو بێ بۆ ئەوەی وێنەی پێ ببرێ و ڕوخسـارەکـەی کـامڵ ببێ وەک نموونەی مـەرِ مـەرِ و پەیکەر.

– ئەوەی کەرەستەکە دیار و دەستنیشان دەکات(٧)

٤– هەر شـتێک لە جـیـهـاندا بقەومێ هۆکـاری دیاری کراو و مەبەستی تـایبەتی خۆی هەیە، هەر شـتەش بەرەو جـێگای شـیـاوی خـۆی دەچێ، جـێگای ئاگـر سـەرووی فـەلەکی مـانگە، بۆیە بەرەو ژوور تەکـان دەدات و بەردو گڵ جـێگایان خـواروی فـەلەکی مـانگە، بۆیە بەرەو ژێر دەچن. ئەگـەر مـرۆڤ لە هۆکـاری ڕووداو و قـەومـاوەکـان ورد بێتەوە، بۆی دەردەکەوێ چوار هۆکاری سەرەکی هەن. بۆ نموونە پێـشـتـر نموونەی مـەرِمـەرِ و پەیکەر هێنرایەوە، لەو نموونەیەدا چەند هۆکار بەدەردەکەون، چوار هۆکار(٨) هەستیان پێ دەکرێ:

– هۆکاری ماددەیی، کەرەستەی مەرِمەرِ.

– هۆکـاری کـار، پەیکەر تاشـەکـەیە کـە نیـازی دروستکردنی پەیکەرەکەی هەیە.

– هۆکـاری ئـامـانجـەکی، مـەبەست چـیـیـە لە دروست کردنی ئەو پەیکەرە، یان هەر کارێکی دیکە.

– هۆکـاری فـۆرم، دوا وێنەکـە– پەیکەرەکـە– مـەرِ مەرِەکە پێی دەبەخشرێ.

بەپێی بۆچوونی مـامۆسـتـای یەکەم، لێـرەدا دوو هۆکـار سەرەکین و دەکرێ دووەکەی تر ببرێنەوە سەر ئەوان:

– کەرەستەکە پەیکەرەکەی لێ دروست کراوە، هۆکاری ماددەییە.

– مەبەستت لە دروستکردنی پەیکەرەکە دوا ڕوخسـار و فۆرمی پێ بەخشیوە، کەوا بوو ئەو دوو هۆکارە بەرانبەر بە دوو ڕەگـەزن: هەیولا و فـۆرم! بەڵام نابێ ئەوە لە یاد بچێ ئەگـەر گـۆڕان ڕوودان بێ، ئەو ڕوودانە لەناوچوونی کـەرەسـتە و بابەتێکەو ئەو لەناو چوونە هەمـیـشـە پەیدا بوونی شـتـێکی دیکەیە(٩)، ئەمە لەلایەک، لە لایەکەی ترەوە ڕاستە کات و بزووتنەوە لە یەکتری دانابڕێن و بەبێ یەکتری نابن، بەڵام بزووتنەوە لەکات جیاوازە.

– هەمیشـە بزووتنەوە بە جووڵاوەوە بەندە و بەهۆی ئەو شـتـەی دەجـووڵێـتـەوە بزووتنەوە دەبێ بە کـردەکی، بەڵام کات لە هەموو شوێن و جێگایەکدا هەیە.

– دەکـرێ بزووتنەوە، خـێـرا، لەسـەرخـۆ بێ، کـات ئەگـەرچی پێـوەری بزووتنەوەیە، ئەو خـەسـڵـەتەی نییە(١٠)

٥– لە چوارچێـوەی ئەو کـۆشـشـەی بۆ دانانی زانست کـراوە، دوو خـاڵی گـرینگ بۆ مـامـۆسـتـای یەکـەم تۆمارکراوە:

– لۆجـیک کە بەهۆیەوە نازناوی مـامۆسـتـای یەکەمی پێ بڕاوە.

– جۆرە میـتـودەیەکی ساکاری توێژینەوەی «زانستی» داناوە کە لە سێ بەش (چەمک) پێکهاتووە:

پێـوانە، ئـینـدەکـشـن (ئیـسـتـیـقـرا) و دیدەکـشـن (ئیستیدلال).

بەشی یەکـەم کـە لۆجـیکە لە چوارچێـوەی ئەرکی ئەم نووسـینە دەچێـتـە دەرەوە، کـەوابوو مـەبەست لەو سێ بەشـەی میـتـودە چییـە؟ بەچی لە یەکـتری جیـا دەبنەوە؟ ئەرستۆ چۆن لێیان تێگەیشتووە؟

مـامۆسـتـای یەکەم وشـەی ئینـدەکشنی بەکارهێناوە و لەگـەڵ بنەمـای پێـوانەدا Syllogism لە یەکـتری جیـای کـردوونەتەوە؛ بەڵام بەرهەمێکی تایبـەتی بۆ توێژینەوەی یەکـەمـیـان دانەناوە، چونکە بەلایەوە پێـوانە بنەمـای زانسـتی سـاغ کـردنەوە و سـەلمێنە بووە. لەگـەڵ ئەو پێـوەندییـە هەریەکەیان ڕۆڵ و سروشـتی خـۆی هەیە، بۆ نموونە بەلای مامۆستای داهێنەری لۆجیکەوە:

«مرۆڤ دڵنیایی (یەقین) بەهۆی ئەنجامگیری، یان بە سـایەی ئینـدەکـشنەوە دەسـتگیـر دەکـات و بەدەسـتی دەهێنێ، مرۆڤ بە دوو ڕێگا بەهۆی ئینـدەکشنەوە، یان بە ڕێگای سـاغ کـردنەوە و سـەلمێنەوە Beweis شت

فـیـردەبێ. سـەلمێنە لەگـشـتی- هەمـەکی پەیدا دەبێ و ئیندەکشن لە تایبەتییەوە دەکەوێتەوە(١١)».

ئەو قـسـەیەی ئەرسـتـۆ چی دەگـەیەنێ و چۆن دەکـرێ لێکبدرێتەوە؟! ڕاستە ئەم دووانە هەردووکیان میتودەی توێژینەوەن و هەریەکـەیان فـۆرمـێکی سـەلمێنە و سـاغ کـردنەوەیە، چونکە پەسندکـردنی هەر شـتـێک دەبێ بە پێوانە، یان بە ئیندەکشن بێت، بەلای ئەرستۆ و بەگشتی لە زانسـتـدا پێـوانە هیـچی نوێ ناداتە دەست ئەوەی لە ئەنجـامـدا دەستگیـر دەبێ، لە سـەرەتاوە بەشـێـوەیەک لە شێوەکان لە پێشـەکیدا هەیە، بەڵام ئیندەکشن شتی نوێ دەداتە دەست، خـۆی وەک مـیـتـودەیەک بە نموونەی هەندەکی لێـیـەوە دەست پێ دەکـات، دوای شـیکردنەوە دەگاتە بنەمایەک- قانوونێکی گشتی. ئەگەر ئاسن گەرم بکەی دەکشێ، ئەمە نموونەیەکی تاکی هەندەکییە، ئەگەر ئەو تاقـیکردنەوەیە بکەین و سـەرجـەمی کـانزاکـان گـەرم بکەین، بۆمـان دەردەکـەوێ کـە هەمـوویان وەک ئاسن بە گـەرم کـردن دەکـشـێن، کـەوابوو کـانزاکـان بە گـەرم کـردن دەکـشـێن، ئەم بڕیارە بەهۆی ئیندەکـشنەوە لە نموونەی تاکەوە کەوتووەتەوە، ئەمەیە مەبەستی مامۆستای یەکەم کە گوتوویەتی:

«ئیندەکشن بەرەوپێش چوونە لە تاکـەوە بۆ گـشـتی- هەمەکی(١٢)». لەو پێناسەیەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئیندەکـشن ئەنجـامگیـری نـیـیـە، بەڵکو داڕشـتنی - ڕۆنانی- دەسـتـەواژە، بنەمایەکی گـشـتـییـە بەهۆی پشت بەستن بە نموونەی تاک (هەندەکی). بەو پێیـە ڕاسـتی و دروسـتی دەسـتـەواژەیەک پشت ڕاست دەکـرێتـەوە، پشت ئەسـتـوور بە ڕاسـتـیـودروسـتی ڕەوشی نموونە تاک و هەندەکییەکان بەهۆی ئەزموون و تاقیکردنەوە.

بەلای ئەرستۆوە دوو جۆر ئیندەکشن هەیە:

- ئیندەکشنی تەواو (کامڵ): کە لە گەیشتنە بڕیاردان لەسـەر بنەمـایەکی گـشـتی پشت بە هەمـوو نموونە تاکـە هەندەکییەکان دەبەستێ.

- ئیندەکشنی ناتەواو: لێـرەدا نموونەی چەند تاکـێک وەردەگـیـرێ بۆ گـەیشـتنە بڕیارە- بنەمـا گـشـتـیـیـە هەمەکییەکە.

هەردوو جۆری ئەو میـتـودەی زانسـتـییـە ڕەخنەیان لێ دەگیرێ، بەڵام زانستە ئەزموونییەکان (فیزیک، کیمی) هیچ کاتێک ناتوانن دەستبەرداری ئەزموون و ئیندەکشن ببن، بەڵام بڕیارەکانی هەمیشە ڕێ تێچوونن.

- بە پێچەوانەوە دیدەکشن لە بنەمایەکی گـشـتـییـەوە هەنگـاو دەنـێ و بەرەو تـاک و هەنـدەکی دێت، ئەمـــە میـتـودەی زانسـتـە ڕوخسـارییەکانە و ئەو ئەنجامەی لێی دەکـەوێتـەوە هەمـیـشـە ڕاسـتـە و دەرفـەتی ڕێ تێـچـوون نادات، بە تایبەتی هەردوو زانستی بیرکاری و ئەندازە.

سەرچاوە و پەراوێز:

1- Platon: Timaios. S.27 (28.a.) In: Samtliche Werke. Bd. 4. Rowohlts Verlag. 23. Auflage. Hamburg 2009.

2- Platon: Timaios: Ebenda (29.a - 30.a) ff.

3- Platon: Timaios: Ebenda (32.C).

٤- جـورج سـارتون: تاريخ العلم. ج١، ترجـمـة: لفـيف من الاساتذه، بإشراف إبراهيم بيومي مدكور، عـمان (وزارة الثقافة الاردنية)، ٢٠٠٩، ص١٨٩ فما بعد.

5- Aristoteles: Metaphysik. Ubersetzt Von Friedrich Bassenge. Akademie Verlag Berlin (ost) 1990. Para 1002 a. Buch B.5.

6- Aristoteles: Physikvorlesung In: Werke. Bd. 2. Darmstadt 1979 (ubersetzt von Hans Wagner). B.1. Para.1.

7- Aristoteles: Uber Werden und Vergehen. Ubersetzt von thomas Buchheim. In: Werke. Bd. 12. Darmstadt.2010. Buch.5. Para. 10. ff.

8- Aristoteles: Metaphysik. Buch 5. Kap 2. Para. 1013 b. (28-35). ff.

9- Aristoteles: Uber Werden und Vergehen. Buch. I. Para. 319. (20 a). ff.

10- Aristoteles: Physikvorlesung, Buch. 4. Para. 219. -1.

11- Aristoteles: Texte Zur Logik. Rowohlt. Munchen 1967. S.25. ff. Ubersetzt von: Adolf Trandelenburg. (Hrg) von Rainer Beer.

12- Aristoteles: Ebenda. S.37. ff.